**له هەولێر....**

# ڤینۆسی 14 ساڵانیش خۆی سووتاند

<u>**سمكۆ عەبدولكەریم**</u>






**ئەوەی لە لافیتەكەدا نووسراوە و دیارە ئەوە دەردەخات كە( ڤینۆس عەبدوڵڵا كەریم) كە قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی‌یە لە قوتابخانەی( شەفەق)و تەمەنی 14 ساڵانە و بە كارەساتێكی دلتەزێن جوانە مەرگ بوە و ستافی ماموستاكانیش لافیتەی پرسەیان بۆ نووسیوە ، بە پێی زانستی دەروونی و**

کۆمەڵناسی و زانستی خەڵکیش هیچ کەسێك لە خۆیەوە خۆی ناسووتێنێ ، بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە بە پەلە لەو روداوە بکۆلێتەوە، چونکە ماوەیەکە لە قوتابخانەکان دیاردەی سەیر سەیر پەیدا بووە و لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی ناکرێ بوروژینرێ ، بەلاّم بە هەر شێوەیەك بێ ناکرێ لەو روداوە بێدەنگ بین و لە سەری نەنووسین زۆر سەیرە ئاستی مامۆستا بگاتە ئەو ئاستەی کێشەیەکی بچووکی ونبوونی کتێبێکی لە نێوان دوو قوتابی پێچارەسەر نەکرێ کە لە ئەسلا کێشە نییە ، وەك مامۆستا نەریمانی برای ڤینۆسی جوانەمەرگ بۆی باسکردین هۆی خۆسووتاندنی خوشکەکەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو رۆژە کتێبێکی ونکردوە ، کاتێکیش شکایەتی لە قوتابیەك کردوە لای ماموستاکەی کە گومانی لێ  هەبوە کە ئەو کتابەکەی بردبێ ، بەلاّم مامۆستاکە لەجیاتی ئەوەی بەشێوازێکی پەروەردەیی ئەمە چارەسەر بکات ،بە گۆتەی براکەی لیداوە و ئیهانەی کردوە و دواتر ڤینۆس چۆتەوە ماڵ و دایکی لە گەڵ خۆی هیناوە ، کەچی مامۆستاکەی بە هەمان شێوەی پێشوو هەڵسووکەوتی لە گەڵ کردوە، و سەرەنجام بە نا ئومێدی و  بە قسەی براکەشی بێ قوتابییەکان هۆی هۆیان لێکردوە،بۆیە براکەی دەڵێ ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە خوشکەکەم نەوت بەخۆیدا بکات و خۆی بسووتێنێ، دوای ئەم رووداوە باوکی ڤینۆس داوای لە سەر مامۆستاکەی تۆمار کردوەو لە رووی قانونییەوە لیکۆلینەوە لەبارەوە دەکرێ .